**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٧٩٢٩ لە ٢٠١٧/٦/١١**

**بەمەبەستی برەودان بە بواری بازرگانی ئۆتۆمبێل و ئامێر وە لەپێناو ڕێگری کردن لە هاووردەکردنی ئۆتۆمبێلی کوالێتی نزم و بێ کەڵك وە ڕێکخستنی کاری گومرگی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بۆ ناو هەرێم بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە :-**

## ڕێنمایی گومرگی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧

## ڕێنمایی تایبەت بە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل و ئامێر

**ماددەی (١):**

**ئۆتۆمبێلی صالۆن ئیستێشن و پاص (١٤) چواردە نەفەری بەرەو خوارەوە ، ئۆتۆمبێلی (فریاکەوتن و ڤان ) سێ مۆدیل ڕێگای پێ دەدرێت لە بەرواری (٧/١)ی هەموو ساڵێك مۆدێلێك دەگۆرێت و مۆدێلێك سەردەکەوێت . بۆ نمونە لە بەرواری (٢٠١٧/٧/١) مۆدێلەکانی (٢٠١٦،٢٠١٧،٢٠١٨) ڕێگایان پێ دەدرێت .**

**ماددەی (٢):**

**ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر (٣) سێ تەن بەرەو سەرەوە ، ئۆتۆمبێلی پاصی (٢٠) بیست نەفەری بەرەو سەرەوە (١٠) مۆدیل ڕێگای پێ دەدرێت لە بەرواری (٧/١)ی هەموو ساڵێك مۆدێلێك دەگۆرێت و مۆدێلێك سەردەکەوێت . بۆ نمونە لە بەرواری (٢٠١٧/٧/١) مۆدێلەکانی (٢٠٠٩) تاکو مۆدێلی (٢٠١٨) ڕێگایان پێ دەدرێت .**

**ماددەی (٣):**

**ئامێری بیناسازی و کشتوکاڵی (١٥) پازدە مۆدێل ڕێگەی پێ دەدرێت و لە بەرواری (٧/١)ی هەموو ساڵێك مۆدێلێك دەگۆرێت و مۆدێلێك سەردەکەوێت . بۆ نمونە لە بەرواری (٢٠١٧/٧/١) مۆدێلی (٢٠٠٤) تاکو مۆدێلی (٢٠١٨) ڕێگای پێدەدرێت .**

**ماددەی (٤):**

**ئۆتۆمبێلی صالۆن و ئیستێشن ، پیکاب ئەگەر کێشی لە (٣) سێ تەن کەمتر بێت ، دەبێت هەر دوو سیستەمی (ABS) و ( دەبڵ ئێرباك ) یان هەبێت .**

**ماددەی (٥):**

**ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر کە کێشی هەڵگرتنی لە (٣)سێ تەن بەرەو سەرەوەیە ، پێویستی بەسیستەمی (ABS) و ( ئێرباك ) ناکات .**

**ماددەی (٦):**

**ئۆتۆمبێلی پاص (١٤) چواردە نەفەری بەرەو خوارەوە ، ئۆتۆمبێلی (فریاکەوتن و ڤان ) پێویستی بەهەر دوو سیستەمی (ABS) و ( دەبڵ ئێرباك ) هەیە .**

**ماددەی (٧):**

**ڕێگە نادرێت بە هاووردەکردنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەر ( لافاو کەوتوون ، سووتاون ، وەرگەراون ، بڕاوەن ، بۆ کاری پۆلیسی بەکارهاتوون ، ئۆتۆمبێلی تاکسی بەکارهاتوون ) بۆ ناو هەرێمی کوردستان .**

**ماددەی ( ٨ ):**

**كار بەهیچ ڕێنماییەك ناكرێت كە لەگەڵ ماددەكانی ئەم ڕێنماییە دژ بێت .**

**ماددەی ( ٩ ):**

**ئەم ڕێنماییە لە بەرواری (٢٠١٧/٧/١) دەخرێتە بواری جێبەجێ كردنەوە و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان ) بڵاودەكرێتەوە .**

**تێبینی /**

- **سەبارەت بەماددەی یەكەم مۆدێلی (٢٠١٥) تاكو بەرواری (٢٠١٧/٨/١) ڕێگای پێدەدرێت بەهاووردەكردنی .**
- **سەبارەت بەماددەی دووەم مۆدێلی(٢٠٠٧و٢٠٠٨) تاكو بەرواری (٢٠١٧/٨/١) ڕێگای پێدەدرێت بەهاووردەكردنی**
- **سەبارەت بەماددەی سێیەم مۆدێلی(٢٠٠٢و٢٠٠٣) تاكو بەرواری(٢٠١٧/٨/١) ڕێگای پێدەدرێت بەهاووردەكردنی**

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریكاری وەزارەت بەوەكالەت**